**کاری گەورە و گرفتی گەورە؟؟**

مانگرتنی ڕۆژی ۲۱ی خەرمانان لە مێدیای ئاڵمان تەنیا لە دوو شوێن، ئەوەیش نە بە شێوەی ڕەسمی دەنگی دایەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵ و فیلم و وێنەکانیان نەبینیوە، ئەوان هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسمی بۆ وەرگرتنی هەواڵیان نەبووە، یان نەیانویستووە وەشوێن ڕووداوەکە بکەون، هەر وەک چۆن هەواڵی کووشتنی ڕامین و زانیار و لوقمان و مووشەک هاویشتنی ئێران بۆ بارەگاکانی دێموکرات، دەنگی ئەوتۆی نەبوو .

بە گشتی کورد بەشدار لە بازنەی مێدیای جیهان نییە و هیچ دەزگایەکی پرۆفسیۆناڵ بەدی ناکرێ کە بووبێتە سەرچاوەی هەواڵ و دەنگ و باس .هەروەها کورد هیچ ناوەندێکی جیددی بۆ دانی زانیاری لە سەر کوردستان بە دەرەوەی خۆی نییە، هەرچەند دەیان شوێن لە ئوورووپا لە لایەن کوردەکانەوە دامەزراوە، کە من وەک سواڵکەرخانە بۆ وەرگرتنی پارە سەیری دەکەم .

حزبەکان لە دەرەوە کاری ستانداردیان نییە و هەمان کار دەکەن کە لە کوردستان کردوویانە، کە سەرجەم مێدیاکەیان دەگرێتەوە. جگە لەوە بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە دام و دەزگای پێویستیان ساز نەکردووە و کەسیان بۆ کاری مێدیا پەروەردە نەکردووە.
لە هەموو بۆنە و خۆپیشاندانەکان زمانی زاڵی بیانی کە قسەی پێدەکرێ فارسی و تورکییە .

حزبەکان ئەندامیان هەیە، بەڵام پرۆژەیان لە ئوورووپا نییە. حزبەکان تەشکیلاتی حزبی بێ کەڵکیان لە ئوورووپا ساز کردووە، کە دیار نییە، ئەرکیان چییە. ڕووداوەکانی کوردستان نە لە ڕێگای حزبەکان و نە نوخبە و پسپۆڕ، بە گوێرەی پێویست ڕەنگ ناداتەوە .

سێ نموونە. کاتی تیرۆری دوکتور قاسملو، حزبی دێموکرات لە ئاڵمان یەک کەسی نەبوو، کە بچێتە بەر دەمی میکرۆفۆنی ڕادیۆ، تەلەویزیۆن، ڕۆژنامەکان. ئەوە لە کاتی تیرۆری مێکۆنووس دووبارە بووە. کاتی دەستبەسەر کردنی عەبدوڵا ئوجەلان بە هەمان شێوە.

ئێستاش گەورەترین ڕووداوی سیاسی- شارستانیانەی دوور لە تەقەی تفەنگ لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان بە ڕەسمی دەنگی نەداوەتەوە. بێدەنگبوونی مێدیای ئێران، گرنگی نەدانی پێویستی مێدیای باشوور کە جاربەجار دەبنە سەرچاوەی هەواڵ و فیلم بۆ ئوورووپا و هەروەها کارا نەبوونی حزبەکان و ناوەندی هاوکاری، هەمووی لە سەر یەک دەوری لە دەنگنەدانەوەی ڕووداوەکە هەبوو .

لەوە دەچێ بە عەمد، پێش بە دەنگدانەوەی کاری سیاسی و شارستانیانەی کورد بگیرێ و بە پێچەوانە تەقەی تفەنگ کە ڕواڵەتێکی تر لە کورد دەنوێنێ، هەم لە مێدیای ئێران و ناوچە و هەم دەرەوە بەربڵاو دەنگ دەداتەوە .

سی و یەک ساڵ لەوە پێش پێشنیارکرا بۆ پێکهێنانی دەزگایەک کە هەم زانیاریی بە حزبەکان و کۆمەڵگای کوردستان بگەیێنێت، هەم بە کۆمەڵگای ئاڵمان و ناوەندەکانی سیاسی، مەدەنی، ئیداریی و زانستی. هەرچەند گرنگی مەسەلەکە وەرگیرا، بەڵام بە زۆر هۆ کە حزبەکان دەگرێتەوە، سەری نەگرت. گرفتەکانی ئەو دەم ئێستاش لە جێی خۆیەتی .

سوسیال مێدیا باشە، بەڵام کورد پێویستی بە دام و دەزگای ستاندارد و پرۆفسیۆناڵ هەیە. دەنا هەر ئەوە لە کورد نیشان دەدرێ کە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا لە کوردی نیشان دەدەن. کورد کاتێک بەری زەحمەتەکانی دەبینێ، کە خۆی دام و دەزگای ئەمڕۆیی هەبێ!

برایم فەڕشی